# یاسای درێژکردنەوەی ماوەی یەکەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٥/٥/٢٧**

## «بڕیار»

بەپێی حوکمەکانی برگە «١»ی مادده «٥٦» لەیاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی نائاسایی خۆیدا لەگوندی (دارەبەن)ی هەولێر رۆژی ٢٧/٥/١٩٩٥ بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٥
## یاسای درێژکردنەوەی ماوەی یەکەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق یەک ساڵ درێژ دەکرێتەوە لە بەرواری (١٩٩٥/٦/٤)ـەوە.

**ماددەی دووەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**